




# ئەمڕۆی ئەدەبی منداڵانی کورد

عەلی بەختەوەر

منداڵ، جگەرگۆشە، پەپوولەی باڵ ڕەنگین، فریشتەی پاک و بێگەرد، بەردی بناغەی کۆمەڵگە، نەوەی دواڕۆژ، مەشخەڵی عەقڵ و داهێنان و ئەفراندن، هەر گەل و وڵاتێک چاو ببڕێتە دواڕۆژ و بیەوێ لە کاروانی ژیان دوانەکەوێ، پێویستە ئەو ڕاستییە چاک بزانی کە یەکەم هەنگاو لە منداڵەوە دەست پێ دەکات، ئێمە لەو ڕووەوە خانەوادە و قوتابخانە بەجێ دێڵین و لە ئەدەبی منداڵانەوە دەست پێ دەکەین. سەرەتای ئەو ئەدەبە لە فۆلکلۆرەوە دەست پێ دەکات، میللەتان ئەم فۆلکلۆرەی خۆیان تێکەڵ بە جیهانی ڕاگەیاندن و ئەدەبی ئێستای منداڵانی خۆیان کردووە.

ئێستا ئەو ئەدەب و ڕاگەیاندنانەی منداڵان چوونە نێو ئەم چالاکییانەوە:

١- چیرۆکی منداڵان بە چاپکراوی وەک کتێب.
٢- گۆڤاری منداڵان، چیرۆک و سیناریۆ و بابەتی جۆراوجۆر.
٣- سینەمای منداڵان.
٤- شانۆگەری منداڵان.
٥- بەرنامەی تەلەڤزیۆنی منداڵان.
٦- بەرنامەی ڕادیۆی منداڵان.
٧- تیپی گۆرانی و مۆسیقا و هەڵپەڕکێی منداڵان.

ئەگەر منداڵ لە پاڵ قوتابخانە، ڕۆژانە و ساڵانە لە نێو ئەم چالاکییانەدا کات بەسەر ببات، ئەوە بێ گومان منداڵێکی دەروون ئاسوودە و چاوکراوە و ڕۆشنبیری لێ دێتە بەرهەم،کە دوا ڕۆژ سەرکەوتوو دەبێت و دەتوانێ بەرپرسیاریەتی بگرێتە ئەستۆ.

ئەگەر بەوردی سەیری وڵاتانی پێشکەوتووی جیهان بکەین، بە وڵاتانی دەوروبەریشمانەوە، چاک لەو ڕاستییە حاڵی دەبین کە منداڵان لە گشت ڕوویەکەوە لەم وڵاتانەدا چ بایەخ و گرنگییەکیان پێ دەدرێ، بەتایبەتی لە ڕووی سیستمی پەروەردە و فێرکردندا بە دەیان ساڵ پێش ئێمە کەوتوون. گەورە نووسەرێکی ڕووسی وەک تۆلستۆی هاتووە حیکایەتی شەوی دەیەمی هەزارویەک شەوەی بۆ منداڵانی ڕووسی ئامادەکردووە، ناوی لێناوە (پاشا و بازەکەی)، نووسەری دانیمارکی (ئەندرسن) لە فۆلکلۆری خۆیانەوە دەیان چیرۆکی بۆ منداڵانی وڵاتەکەی ئامادەکردووە و چاپی کردوون. لە وڵاتێکی پێشکەوتووی وەک بەریتانیا نووسەرێکی وەک (هـ، ج، وێلز) چەندان چیرۆکی بەتاموچێژی بۆ منداڵانی ئینگلیز نووسیوە. لە کوردستان دەستپێکی ئەدەبی منداڵان بەشێوەیەکی سادە و ساکار دەستی پێ کرد.

ئەحمەدی خانی (١٦٥٠ - ١٧٠٦ز) یەکەم شاعیری کورد بووە، نامیلکەی شیعری (نەوبەهاری بچووکان)ی بۆ زارۆکان نووسیوە، پاشان شێخ مارفی نۆدێیی (١٧٥٢ - ١٨٢٧ز) بە نامیلکەیەکی شیعری منداڵانی بەسەرکردووەتەوە. نووسینی هەردوو نامیلکەکان مەبەست لێی ئەوەیە منداڵانی کورد، بەتایبەتی فەقێکان و ئەوانەی کە قورئان و زانستی شەرعیان دەخوێند، فێری زمانی عەرەبی بن.

ساڵانی چلەکان کە بە ساڵانی گەشەی ئەدەبی کوردی دادەنرێ، ئەدەبی منداڵانیش گەشەکردن و پێشکەوتنێکی بەرچاوی بەخۆوە بینی. کۆمەڵێک مامۆستا و ڕووناکبیری کوردی وەک: پیرەمێرد، فایق بێکەس، زێوەر، شێخ نووری شێخ ساڵح، عومەر عەبدولڕەحیم، گۆران، شاکر فەتاح، فەرەیدوون عەلی ئەمین، کاکەی فەللاح، حسێن حوزنی و چەندان نووسەری دیکەی کوردپەروەر بە نووسینی شیعر و چیرۆک و کاری وەرگێڕان لە ئەدەبی وڵاتانی دەوروبەر، خزمەتێکی گەورەی ئەدەبی منداڵانیان کرد. ئەو کەڵە نووسەرانە جگە لەوەی شاعیر و نووسەر بوون، کوردیزانی باش و شارەزای کولتوور و حیکایەتی گوێی ئاگردانی کوردەواری بوون.

لە سەردەمی ئەمڕۆماندا شیعر و چیرۆکی منداڵان چ بەچاپکراوی وەک کتێب، یان ئەوانەی لە گۆڤار و ڕۆژنامە و سایتەکاندا بڵاودەکرێنەوە، بەشی هەرەزۆریان بەرهەمی سواوی دووبارەن، دوورن لە تاموچێژ و نوێ بوونەوە و داهێنان، بەتایبەتی شیعرەکان، جوینەوە و لاساییکردنەوەی شیعری شاعیرانی بەرلەخۆیانن. ئەو شاعیرانەی کە لە ڕابوردوودا بە شیعری تەڕ و پاراو خزمەتێکی گەورەی ئەدەبی منداڵان و جگەرگۆشەکانی کوردیان کرد.

هەقە ئەمڕۆ نووسەران و شاعیرانی خاوەن ئەزموون، ئەوانەی ساڵانێکە بەرهەمی بەپێز بۆ گەورە ساڵان دەنووسن، وەک شاعیرانی کۆنی کورد دەستوبرد بکەن، بە شەرم و نەنگی نەزانن، بە نووسینی شیعر و چیرۆک و ڕۆمان جگەرگۆشە بێنازەکانی کورد بەسەربکەنەوە. حکوومەتی هەرێم، وەزارەتی ڕۆشنبیری بەگەرمی بکەوێتە خۆ، لایەک لەم ئەدەبە پەراوێزخراوە بکاتەوە، ساڵانە فیستیڤاڵ و پێشبڕکێی ئەدەبی منداڵان ساز بدات، بەرهەمە سەرکەوتووەکان خەڵات بکرێن، دواتر لە چاپێکی جواندا چاپ بکرێن.